ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
10ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر 2021
23



## نەفرەت لە خاوەنەکانی نیشتمان!

موحسن کەریم

شەپۆلی مرۆیی پەنابەرانی کورد لەسەر سنوری بیلاڕوسیاو پۆڵەندا، بوەتە بابەتی هەواڵی زۆرێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی. ئەم شەپۆلە هەڵاتن نیە لە هێرشی سوپایەکی داگیرکەر، بەڵکو هەڵاتنە لەدەست دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی. بەنەفرەتکردنی دەسەڵات و حکومەتێکە کە بڕیاربوو بەرهەمی خوێن و قوربانی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان بێت دژی دەوڵەتە سەرکوتگەرە نەتەوەپەرستەکانی عێراق. نەفرەتکردنە لە نیشتمانێک کە ئەوان تێیدا خاوەنی نان و ئازادی نین!

دیمەنەکانی ئەو سەدان پەنابەرەی لەسەر سنوری بیلاڕوسیا و پۆڵەندا گیریان خواردوە، بە ئومێدی ئەوەی بگەنە وولاتێک کە تێدا ژیان و ئازادییان مسۆگەر بێت، تراژیدیایەکی مرۆیی بە هەموو مانایەک نمایش دەکەن. سەرماو برسێتی و مانەوە لەدەشت و دارستان بۆ چەند ڕۆژ، لەپاڵ هەڵوێستی حکومەتی پۆڵەندا بۆ داخستنی سنور بە ڕویاندا و وولاتانی ئەوروپا، کە نایانەوێ ئەو شەپۆڵە روبکاتە وولاتەکانیان، مەترسیەکی جدیە لەسەر ژیانیان، بە تایبەتی کە دەیان مناڵ لەناو پەنابەرەکاندا هەن و لەم وەرزی سەرمایەدا هیچ هۆکارێک بۆ پاراستنیان فەراهەم نیە!

بەڵام ئەگەر ئەمە دیمەنی تراژیدیایەکی مرۆیی بخاتەڕوو، ئەوا ماناو چەمکی کارەساتێکی دیکەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتوە. کارەساتی دەسەڵاتداریێتی حکومەت و دەسەڵاتێک کە خۆی

بۆ لاپەڕە 2



گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف سەبارەت بە:

## ململانێ سیاسیەکانی ناو عێراق و دەوری خەڵک لە دیاریکردنی داهاتووی سیاسی عێراقدا

بۆ لاپەڕە 3



گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەبارەت بە

## خۆپیشاندانی مامۆستایانی وانەبێژ و خوێندکارانی پۆلی ١٢

بۆ لاپەڕە 5



## جیهان پێویستی بە شۆڕشێکی تری ئۆکتۆبەر هەیە!

مستەفا باهیر

بۆ لاپەڕە 7



## عێراق لە بازنەی ململانێی ئەمریکا و ئێراندا، بەرژەوەندی خەڵک لە کوێدایە؟!

سەبارەت بە هەوڵی کوشتنی مستەفا کازمی

جەمال موحسین

بۆ لاپەڕە 8



## لە ژەهرخوارکردنەوە بۆ کۆچی بەلێشاوی گەنجان، ئایندە نابێت بەدەستی ئەمانە بێت!

عیرفان کریم

دوالاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی..... نەفرەت لە خاوەنەکانی نیشتمان!

وەکو بەرهەمی خەبات و قوربانی خەڵکی کوردستان دەناسێنێ، بەڵام هاوڵاتیەکانی لەدەستی هەڵدێن! دەسەڵاتێک کە ئامادە نیە سەرەتایی ترین پێداویستیەکانی ژیان و گوزەران بۆ هاوڵاتیەکانی دابین بکات و بەرپرسەکان و نزیکەکانی خۆیان لە نازو نیعمەتدا دەژین و سامانیان لووت لە هەور هەڵدەسوێت! دەسەڵاتێک کە مانەوەی هەموورۆژێک سوکایەتی کردنە بە خەڵکی کوردستان. دەسەڵاتێک کە خۆی وەکو خاوەن و سەرداری نیشتمان لەقەڵەم دەدات و داوای خزمەتکردنی نیشتمان لە گەنجەکان دەکات، بەڵام ئامادەنیە دوای تەواوکردنی خوێندن و دوای ئەوەی ئامادەی کارن بۆئەوەی بژین، بەڵام هیچ دەرفەتێکی کاریان بۆ دەستبەر بکات. دەسەڵاتێک کاتێک گەنجەکان و خوێندکاران و مامۆستایان و خەڵکی ناڕازی لەو بێبەشی و بێمافیەی بەسەریاندا سەپێنراوە دەرژێنە سەرشەقام، بە فیشەک وەڵامیان دەداتەوە یان لە کونجی زیندان ئەسیریان دەکات! چی گۆڕاوە لەگەڵ دەسەڵاتە سەرکوتگەرو "داگیرکەرەکان"دا!؟ ئەوانیش خەڵک برسی دەکەن، مافی پێشێل دەکەن و هەرکاتێکیش دەنگ هەڵبڕن سەرکوتیان دەکەن!؟ جیاوازی چیە لەنێوان دەسەڵاتی هەرێم و حکومەتە سەرکوتگەرەکانی ئێران و تورکیا و عێراقی سەردەمی بەعس!؟ خەڵکی کوردستان بۆیان ڕون بۆتەوە کە جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە، چونکە حکومەتی کوردیش وەکو حکومەتی تورکی و فارسی و عەرەبی، دەسەڵاتی چینایەتی سەرمایەداران و دەوڵەمندان و چەوسێنەرو سەرکوتگەرن.

ئەم شەپۆلی جێهێشتنە، ناڕەزایەتیە بەرامبەر بە دەسەڵاتی کوردایەتی. ئەگەرچی ناڕەزایەتیەکی سەلبیە، بەڵام ناڕەزایەتیە. ئەوان حکومەت و دەسەڵاتی خۆماڵیان ناوێ! نەفرەتی لێدەکەن. ئەوان ژیان و ئازادیان دەوێ و بۆ ئەو مەبەستەش کۆچ دەکەن. ئەم شەپۆلی کۆچکردنە نمایشی ناڕەزایەتیەکی قوڵی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگای کوردستان دەکات. بەڵام ئەم ڕێگایە ڕێگای کارساز و کۆمەڵایەتی نیە. دەبێ ئاڕاستەی کۆچەکە پێچەوانە بکرێتەوە. دەبێ کارێک بکرێ کە دەسەڵاتداران کۆچ بکەن و کوردستان جێبهێڵن! کوردستان دەبێ بۆ هاوڵاتیان و دانیشتوانەکەی بێت و ژیانێکی شەرافەتمەند و یەکسان و ئازادیان هەبێت. سامان و داهاتی کوردستان نابێ بچیتە گیرفانی چەند مشەخۆرێکی چەکبەدەستی تاڵانچی بەناوی حکومەت و دەسەڵاتەوە. سامان و داهاتی کوردستان دەبێ بۆ خەڵکەکەی بێت. دەبێ ڕۆژێک خەڵکی کوردستان ئەم بڕیارە بدەن. هێزی مەزنی جەماوەری ناڕازی، هێزی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و لاوانی دڵ پڕ لەهیواو ئومێد، هێزی ژنانی ستەملێکراوی کوردستان و ناڕازی لە دەسەلات و سیستەمی پیاوسالاری کوردستان، هێزی ئازادیخوازان ئەو هێزە مەزنەیە کە سەرەنجام دەتوانێ کۆتایی بەم سیناریۆ تەڵخ و بێتامەی ئێستا بهێنێ و ژیانێکی ئارام و ئازاد بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان بەدیاری بهێنێ.

☆

## ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن.. ئیتر نۆرەی دەسەڵاتداریێتی جەماوەریە!

### نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان

دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە: www.hkkurdistan.org


**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر :**موحسین کەریم**
ڤایبەر: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف سەبارەت بە:

# ململانێ سیاسیەکانی ناو عێراق و دەوری خەڵک لە دیاریکردنی داهاتووی سیاسی عێراقدا

**ئۆکتۆبەر: ماوەیەکی زۆر بە سەر هەڵبژاردندا تێپەڕیوەو تائێستا حکومەتی عێراق پێکنەهاتوە، بەلاّم ململانێی نێوان لایەنەکانی بەشدار لە هەڵبژاردندا بە ئاستێک گەیشتوە کە لایەنگرانی حەشدی شەعبی خۆپیشاندان دەکەن و پۆلیس و دامەزراوە پۆلیسیەکانی حکومەتیش ڕوبەڕوویان دەبنەوە. وا دەردەکەوێ ئەم ململانێیە کاتێکی زیاتر بخایەنێ، بە تایبەتی کە لایەنەکانی سەر بە ئێران کە بەشی زۆرینەی حەشدی شەعبیش پێک دەهێنن، نارازین لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن و پێیانوایە غەدریان لێکراوە. ئێوە چۆن ئەم پرسە لێک دەدەنەوەو ئایا بەڕای ئێوە ئەم بانگەشەیە ڕاستی تێدایە، یاخود ئاڵوگۆڕێکی سیاسی ڕوویداوە لە عێراقدا کە بەوجۆرە تای تەرازوی سیاسی لە بەرژەوەندی ئێران و لایەنەکانی سەر بە ئێران نەبێ؟**

عوسمانی حاجی مارف: ڕێک نەکەوتنی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق ئاکامی بنبەستی هەلومەرجێکی سیاسیە کە لە پێش هەڵبژاردنەوە نیشانەکانی دەرکەوتون، ئەویش ئەو پێشهات و ئاڵوگۆڕانەیە کە دەبێت لە عێراق و ناوچەکەدا ڕوبدات، بە تایبەتی بەدوای پاشەکشەی ئەمریکا لە ئەفغانستان و شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، پێداویستی ئەو ئاڵوگۆڕانەی هێناوتە سەر شانۆی سیاسی لە عیراقدا. عێراق بۆتە مەیدانێکی جدی لە هەوڵدان بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشمەکێشی نێوان جەمسەرە ئیمپریالیستیەکان و بەرژەوەندیەکانیان. چاوەڕوانی لە ڕەوتی ڕوداوەکانی ئەو کێشمەکێشە، هێنانەپێشەوەی جۆرێکی تر لە فەزای ناجێگیرو گێژاوی سیاسی تیا پێشبینی دەکرێت و کاریگەری لەسەر هاوکێشەی سیاسی و هاوسەنگی هێزەکان لە ئێستاوە نیشانداوە. لە لایەکی ترە ئەزمونی دەسەلاتی هێزە میلیشیاکانی ئیسلامی و تائفی و ناسیۆنالستەکان لە پێکهێنانی حکومەتی تەوافقی و لە چوارچێوەی پاشکۆبوونیان لە چوارچیوەی سیاسەتەکان و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو دەخالەتی وولاتانی ناوچەکەدا، گەیاندونی بە بنبەست و شکستێک کە نەتوانن لە ڕەوتی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا خۆیان بگونجێنن و بەهەمان پرۆسەی پێشوتر لە پێکهێنانی حکومەتی تەوافقی سەرکەوتوبن، لە هەمانکاتدا نارەزایەتیە جەماوەریەکان بۆ خواستی ڕوخانی ئەم پێکهاتە لە دەسەلاتی ئێستا بۆتە واقعیەتێک، هەنگاو بە هەنگاو بۆشایی نێوان دەسەلات و خەڵک گەورەتر دەکات و ئامانج بۆ ڕوخانی بەرجەستەتر دەبێتەوە، بێدەربەستی جەماوەری بەرامبەر ئەم هەلبژاردنە ڕیسوابونێکی بێوێنەی پێشکەش بە تەواوی هێزەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن و دەسەلاتی سیاسیداکرد، هەروەها بەشداری نەکردنی زۆرترین ڕێژە لەم هەڵبژاردنەدا، پێگەی هێزەکانی خستە بەردەم واقعیەتێکەوە کە چارەنوسی پێکهێنانی حکومەتەکەیانی خستۆتە بەردەم چەندین سیناریۆی نادیارەوە. لەم ئاراستەیەوە ئەتوانین ئەو ئاکامە بدەین بەدەستەوە کە کێشەی پێکنەهاتنی حکومەت و ململانێی نێوان هێزەکان تا ئاستی بارگرژی وتوندوتیژی هیچ پەیوەندیەکی بە چۆنیەتی ئیدارەو پرۆسەی بەڕیوەبردنی هەڵبژردنەکەوەنیە، بەو مانایەی باسکردن لە غەدرو تەزویرو فروفێڵی نێوان خۆیان قسەیەکی هیچ و بێمنایە، بەڵکو ئەسڵی مەسەلە تەواوی ئەو هێزانە کەوتونەتە بەر تاقیکردنەوەی ئەو ئاڵوگۆڕو پێشهاتانەی کە لە کێشمەکێشی نێوان جەمسەرە ئیمپریالیەکاندا بەرەو ڕوی ئایندەی عێراق دەبێتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئاستی گەشەی تورەیی و نارەزایەتیە جەماوەریەکانە بۆ خواستی ڕوخانی ئەم دەسەلاتە بە هەموو پێکهاتەکانیەوەکە کاریگەری جدی داناوە لەسەر زیاتر قوڵبونەوەی بنبەست و قەیرانی دەسەلاتەکەیان، هەربۆیە پێگەی ئەو هێزانەش کە لە پەیوەند بە بەرژەوەندیەکانی ئێرانەوە لە عێراقدا ڕۆڵیان هەیە دەکەونە ناو چوارچێوەی هەمان واقعیەتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە چارەنوسی عێراقی خستۆتە ناو دەورانێکی تر لە گێژاوی سیاسی و دەخالەتی ئێرانیش بۆخۆی بەشێکە لە پێکهێنانی ئەو گێژاوە.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر باروودۆخەکە بەوجۆرە بێت کە سەرەنجام ئاراستەی سیاسی عێراق بەو ئاقارەدا بڕوات کە هێزەکانی سەر بە ئێران و ئێران کاریگەریەکانیان کەم بێتەوە، ئایا ئێران و ئەو هێزانە ئەوە قبوڵ دەکەن؟ ئایا ئەگەرێکی وا مومکینە یاخود ئێران هێشتا توانای کاریگەری سیاسی گەورەی لەسەر عێراق هەیە؟ ئایا بەرەی دژ بە ئێران لەعێراق ئەوەندە هێزی هەیە کە بتوانێ ئەم هاوسەنگیە سیاسیە بەوجورە بگۆڕێت؟**

عوسمانی حاجی مارف:بە بۆچونی من ئاراستەی ڕوداوەکان لەو شوێنەوە دیاری ناکرێت کە ئێران و ئەو هێزانەی سەر بەئێران کەمبونەوەی بەشی خۆیان لە دەسەلاتی سیاسی لە عێراقدا قەبول دەکەن یان قەبوڵی ناکەن، چونکە ڕێرەوی پێشهات و ڕوداوەکان و بەرژەوەندی و کێشمەکێش و دەخالەتی جەمسەرە ئیمپریالیەکان لەوەو واوترە کە ئێران دەیەوێت لە عێراقدا کام سیاسەت

بە قازانجی خۆی بەرێتە پێشەوە، چونکە لەم کێشمەکێش و ئاڵوگۆڕانەدا چارەنوسی خودی ئێرانیش لەژێر پرسیاردایە، لە نێو ئەو هاوکێشە سیاسیەدا دەورو پێگەی چی بەسەردێت و بۆ خۆشی دەتوانێ چ رۆڵێکی هەبێت، لە هەمانکاتدا لە رێرەوی ئەو پێشهات و روداوانەدا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێرانیشدا دەکەوێتە بەر پێویستی ئەو ئاڵوگۆڕانە. هەروەها دەورو دەخالەتێک بەگشتی کە ئێران لە ناوچەکەدا هەیەتی پێشهاتەکان ئەوە نیشان ئەدەن کێرڤەکەی بەرەو دابەزینەو سنوردار دەکرێت، بەجیا لەوەش نارەزایەتیەکی بەرفراوانی جەماوەری بۆ روخانی رژێمی ئیسلامی واقعیەتێکی بەرچاوە، لەهەمانکاتدا ئاستی چاوەروانی لە ناو نارەزایەتیە جەماوەریەکانی عێراقدا بە راشکاوی نەفرەت لە دەورو دەخالەتی ئێران دەکرێت، هەر ئەمەش پێگەی ئەو هێزانەی لە پەیوەند بە ئێرانەوە پێگەی خۆیان لەدەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا بەهێز دەکەن، جێگەورێگایەک کە پێشتر بەشێکی گەورەیان لەدەسەڵاتدا هەبو نەک بەرەو لێژی دەروات بەڵکو خەریکە دەبنە هێزی ماوەبەسەرچو.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر مەشهەدی سیاسی عێراق لەسەرەوە بەوجۆرە بێت کە ببێتە مەیدانی کێشمەکێشی دوو بەرەی سەر بە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە و عێراق، و لەوبەریشەوە ئێران و هێزو میلیشیا ئیسلامیە عێراقیەکانی سەر بەخۆی، ئایا چارەنوسی خەڵکی عێراق ئیتر بەوجۆرە لەنێوان بەرداشێکدا دەمێنێتەوە کە سەرەنجام ماڵوێرانی و کارەسات و قوربانی لێدەکەوێتەوە، یاخود رێگایەکی دیکە مومکینەو دەکرێ ببێتە ئەگەرێکی دیکەی واقعی ئەویش بەڕەچاوکردنی ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەی کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا هێزێکی گەورەی لەخۆی نیشان داو زەمینەی واقعی و بابەتی ئەوەی تێدایە کە دوبارەت سەر هەڵبداتەوەو یاریەکە لەوان تێک بدات؟**

عوسمانی حاجی مارف: هەڵبەتە وەک لە قسەکانی پێشودا باسکرا رێرەوی روداوەکان ئەوەمان دەخاتە بەرچاو کە چارەنوسی عێراق و ناوچەکە تا خودی ئێرانیش لە نێو پاشەکشەو شکستەکانی ئەمریکا و ململانێی نێوان جەمسەرە ئیمپریالیەکان و دارشتنی بەرژەوەندی نەخشەو سیاسەتی هەر جەمسەرێک بە کێشمەکێش و شەریانەوە تا دەکاتە سەر مێزی رێکەوتن چەندین توندپێچی و ئاڵوگۆر و چارەنوسی نادیارو دۆخی نالەبارتر بەخۆیەوە کێش دەکات، لە هەمان کاتدا تەواوی ئەو هێزە میلیشیا ناسیۆنالیست و تائفی و ئیسلامیانەی کە پێشتر پێگەو دەوری خۆیان گریدا بوو بە ستراتیژو سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا و دواتر پاشکۆ بونیان بۆ ئێران و تورکیا، بەر شەپۆلی جەنجاڵی ئەو کێشمەکێش و ئاڵوگۆڕانە دەکەون و قوربانیەکەشی هەر بەشی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش و هەژارو و نەداری عێراق و کوردستان دەبێت، بەڵام ئەوەی کام لەو هێزانە ئەتوانێت سیاسەتەکانی بەرێتەوە پێشەوەو خۆی لەو ئاڵوگۆڕانەدا بگونجێنێت و سەرکەوتوبێت، لەئێستادا پێوانەیەک نیە دیاری بکات کە هیچ یەک لەو هێزە بۆرجوازیانەی عروبەو کوردایەتی و ئیسلامیەکان نیشانی بدەن، دەتوان ناوەندێکی جێگیر لە عێراق و لەکوردستان ساغکەنەوە، بەڵکو جگە لەسەر گەردانی و درێژەدان بە ناجێگیری و گێژاوی سیاسی و دەردیسەری و کارەسات بۆ خەڵک شتێکی تر ناکەن، هەر بۆیە لەم نێوەدا لە هەمووکات زیاتر پێویستە هاتنە مەیدانی جەماوەر نارازی بە ئاسۆیەکی تر لە فەراهەم هێنانی ئاڵوگۆری ریشەیی بێتە مەیدان و لەبەرامبەر تەواوی ئەو هێزانەی بەشدارن لەو پرۆسە سیاسیەی عێراق و کوردستان دەکاتە پاشکۆی سیاسەتی ئەمریکا و جەمسەرەکانی بەرامبەری و دەخالەتی وولاتانی ناوچەکە بوەستنەوە، دەسەڵاتێک پێکبهێنرێت پەیامی دەورو دەخالەت و ئیرادەی راستەوخۆی جەماوەری راگەیەنیت، بەردەوامی دان بە نارەزایەتیەکانی ئۆکتۆبەر و رۆشنبونی ئاستی رێکخراوبون و هەوڵدان بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ئاسۆ رۆشنی لە چۆنیەتی کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە، ئەتوانێ چارەنوسێکی دیاریکراو بە دەور و دەخالەت و ئیرادەی خەڵک رزگاربونی خەڵکی عێراق و کوردستان لەم بەڵاو دەردی سەری و گێژاوە رزگار بکات.

☆

**حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارن، ٣٠ ساڵە ئەزمونی سیستەم و دەسەڵاتێکیان کردووە کەسەراپا لەگەڵ ژیان و بژێوی و حورمەتی ئینسانی ئێوەدا ناکۆکە. ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بێکاری و ستەمگەری و ئەو جیاکاریە چینایەتیە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانە و حکومەت و سیستەمەکەیان بۆ قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایانگرتووە، بۆیە ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و حاکمیەتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کاتی هێنانەمەیدانی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و خەڵکی نارازیەوە. کاتی خۆڕێکخراوکردنە لە شوراکان و ئەنجومەنەکانی شاردا. کەوایە با لەشوێنی کارو ژیاندا، لەگەڕەک و فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتیەکاندا، دەست بخەیەنە نێودەستی یەک و لەدەوری یەکتر کۆببینەوە و نوێنەرانی خۆمان لەکەسانی دڵسۆزو جەسور هەڵبژێرین و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان لەدەست بگرین و لەم ڕێگایەشەوە بەردی بناغەی دەسەڵاتداریێتی جەماوەر دامەزرێنین!**

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەبارەت بە

# خۆپیشاندانی مامۆستایانی وانەبێژ و خوێندکارانی پۆلی ١٢

ئۆکتۆبەر: ماوەیەکە خۆپیشاندانی مامۆستایانی وانەبێژو خوێندکارانی پۆلی شەشەمی دواناوەندی لە زۆرێک لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان دەستی پێکردوە. خواستی مامۆستایانی وانەبێژ دامەزراندن و ناڕەزایەتی خوێندکارانیش بەرامبەر بە ڕاگەیاندنی لیستی ناوەکانیانە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان، کە دەڵێن بێسەرەوبەرەییەکی زۆری پێوەدیارە! بەبڕوای ئێوە ئەم جۆرە لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی ئەم توێژانەی کۆمەڵگای کوردستان بنەماو هۆکارەکەی چیە؟ ئایا تەنها ناڕەزایەتیە بەرامبەر بە بێمافیەک و ستەمێکی دیاریکراو کە روبەرویان بوەتەوە، یاخود ریشەی قوڵتری هەیە کە دەکرێ وەکو بنەمایەک بۆ ناڕەزایەتی فراوانتری کۆمەڵایەتی تەماشا بکرێ!؟

خەسرەو سایە: سەرەتا ئەوە بڵێم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایانی وانەبێژ وخوێندکارانی پۆلی شەشەم، بەشێکە لەشەپۆلێکی فراوانتری ئیعترازێکی کۆمەڵایەتی، جەماوەری کرێکاران و مەحرومانی شارەکانی کوردستان کە بەدوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی عێراق و ڕەوینەوەی ئەو تەمومژەی کە ئەم هەڵبژاردنە دروستی کردبوو، دوبارە دەست پێدەکاتەوە دەسەڵات و حزبە پێکهێنەرەکانی هەڵبژاردنیان وەکو سیاسەتێک گرتەبەر، کەلە بنەڕەتەوە بۆ ئامانجی داپۆشین وبەلاڕێدا بردنی خەباتێکی چینایەتی بوو چ لەعێراق وچ لەکوردستان. هەروەها هەوڵێک بوو تا جەماوەری ناڕازی ڕاکێشنەوە نێو ئەو گەمە سیاسیە پوچ وبێناوەرۆکەوە کەناویان ناوە "دیموکراسی و دەنگدان". ئەم شەپۆلە کە کرێکاران وخاوەن نانەواخانەو سەمونخانەکان وشۆفێرانی تەکسی و بارهەڵگرەکان، لەدژی گرانی نانو بەنزین، تا سازدانی کۆبوونەوەی گشتی بەشێک لەکرێکارانی کارگەکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ وئاسن بۆ دەرماڵە و قازانجی ساڵانە، تا ناڕەزایەتی کرێکارانی گرێبەست بۆخواستی دامەزراندن، تا ناڕەزایەتی بەشێک لە دانیشتوانی گەڕەکە زەحمەتکێش نشینەکان لەدژی نەبونی خزمەتگوزاری تەندروستی و ڕێگاوبان.. لەپاڵ خۆپیشاندان وکۆبوونەوە گشتیەکانی مامۆستایانی وانەبێژ وقوتابیانی پۆلی شەشەم، سیمای ئەم شەپۆلە لەئیعترازی کۆمەلایەتی نیشان دەدات کە بەدوای تەواوبوونی هەڵبژاردندا، فەزای بۆ کرایەوەو بەشێوازی جۆراوجۆری خەباتێکی جەماوەری خۆی نیشاندایەوە، کە بەگشتی دەکرێ ناوەرۆکەکەی لەدروشمی نان وکارو مەعیشەتدا گەلاڵە بکەینەوە.

بیگومان ئەم شەپۆلە لەدرێژەی ناڕەزایەتیەکانی دەورەی پێشوودایە بەگشتی و هەروەها لەدرێژەی بەشداری نەکردنی فراوانی خەڵک لەهەڵبژاردنەکەدا، بەتایبەتی خۆی نواندوەوە. دیارە ڕیشەی ئەم ناڕەزایەتیە لەو قەڵشتە چینایەتیە و لەو ناعەدالەتیەدایە کەنزیکەی ٣٠ساڵە ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانی لەقاڵبداوە. بەواتایەکی تر ئەم نارەزایەتیە کۆمەلایەتیە لەبنەڕەتەوە کاردانەوەو مقاوەمەتێکی چینایەتیە کە لەبەرامبەر سیاسەتی بیکارسازی و هەژارکردن و سەپاندنی باجو خەراج و گرانی و ئەو نابەرپرسیارێتیەیە کەحکومەتی حزبەکان بەناوی "چاکسازیەوە" گرتویانەتەبەر، تالەم ڕێگایەوە باری قەیرانگرتویان بەسەر خەلکی هەژارو کەمدەرامەتدا بشکێننەوەو فرسەتی کۆکردنەوەی قازانج لەبەردەم کۆمپانیا وخاوەنکارەکاندا بپارێزن.

ئۆکتۆبەر: ئێوە باسی شەپۆلێک لەناڕەزایەتی کۆمەڵایەتیتان کرد، سەرەکیترین خاسیەتەکانی ئەم شەپۆلە لەناڕەزایەتیەکان لەچیدا دەبینن؟ قابیلیەتەکانی چیەو ئایا توانای بەدەست هێنانی خواستەکانی هەیە؟

خەسرەوسایە: سەرەکیترین خاسیەتی ئەم شەپۆلە لەنارەزایەتی جامەوەری لەوەدایە کە لەدەوری خواستی دیاریکراو پێی ناوەتە مەیدانەوە، بەڵام بەکردەوە کەوتۆتە بەرامبەر سیستەمێکی سیاسی و ئابوریەوە، هەر ئەمەش ناوەڕۆکیکی چینایەتی وتوانایەکی بەهێزی کۆمەلایەتی پێ بەخشیوە. کە دەڵێین کەوتۆتە بەرامبەر سیستەمێکەوە، مەبەستمان ئەو نیزامە ئابوریەی سەرمایەداریە، کەدەسەڵاتدارێتی حزبە بۆرژوازیەکانی کورد پارێزەریەتی و ناویان ناوە ئابوری بازاڕی ئازاد، کەژیان و کارو مەعیشەتی زۆرێنەی خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتی سپاردووە بەبازاڕێک، کەبەدەست تۆڕێک لەکۆمپانیا وسەرمایەدار و بازرگانانی کەرتی تایبەتەوەیە، کە سەرانی ئەحزابەکان وهەردوو بنەماڵەی حاکم، خۆیان بەشێکی سەرەکین لێی. دەسەڵاتێکی سیاسیش کەخۆی لەحکومەتێکدا دەبینێتەوە، کەهیچ بەرپرسیارێتیەکیان نیە بەرامبەر بەژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و تابۆی کرابێت لەڕیگای سەپاندنی هەژاری و بیکاری و گرانی و باج و خەراجەوە، هیزی کار لەوپەڕی هەرزانیدا ڕابگرن و زەمینەی لەبار بۆ کۆکردنەوەی قازانج وسەرمایە لەبەردەم کۆمپانیاکاندا فەراهەم بکەن. تا ئەو جێگەیەی بە تواناو قابیلیەتەکانی ئەم جولانەوە ناڕەزایەتیە دەگەڕیتەوە، سەرەتا ئەوەبڵێم کەئەم شەپۆلە لەناڕەزایەتیەکان لەحاڵەتی ئێستایدا، بەهەموو کەموکوڕیەکانیەوە توانی بەشێک لەخواستەکانی خۆی بەسەر دەسەڵاتدا داسەپێنێ،

بەڵام لەمەش زیاتر ئەم شەپۆلە لەنارەزایەتی لەفەزای سیاسی وکۆمەلایەتی ئیستای کوردستاندا، کەچینی دەسەلاتدار وسیستەمەکەی لەگەڵ قەیرانی قوڵی ئابوری و سیاسی بەرەو رووەو، ئەو هێزەی هەیە کەدەتوانێ حسابی خۆی لەگەڵ ئەم دەسەلاتەو ئەو سیستەمەی کەبۆرژوازی کورد پارێزەریەتی یەکلا بکاتەوەو کۆمەڵگای کوردستان بەرەو یەک ئاڵوگۆری ڕیشەیی ئابوری و سیاسی جیاواز و بنەڕەتی بەرێت کە باشبژێوی کۆمەلایەتی مەیسەرو مومکین بکات. بەتایبەتی ئەگەر یەکگرتوو سەراسەری بکرێتەوەو ببێتە خاوەنی رابەریەکی ڕادیکاڵ وشۆڕشگێرانە و لەژێر سایەی ئاسۆیەکی سیاسی و چینایەتی وشۆڕشگێرانەدا ڕێبەری و ڕینمایی بکرێ و هەنگاو بەهەنگاو ببرێتەپێشەوە.

ئۆکتۆبەر: بەڵام سەرانی حکومەتی هەرێم چەندیجار لە زمانی سەرۆک وەزیران و جێگرەکەیەوە باسیان لەوە کردوە کە ناکرێ هەموو کەس دابمەزرێت، هەروەها حکومەت ئەوەندە داهاتی نایەتە دەست کە بتوانێت خزمەتگوزاریەکانی ئاوو کارەباو خوێندن وتەندروستی بۆهەموان دابین بکات.. ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم قسانەی بەرپرسانی حکومەت، ئایا هیچ ڕاستیەکی تێدایە؟ یاخود تەنها خۆدەربازکردنی حکومەتە لەژێرباری دابینکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیەکانی؟

خەسرەوسایە: لەکوردستان جەنگێکی چینایەتی ئاشکرا، لەنێوان کرێکاران و زەحمەتکێشان لەلایەک و چینی دەسەلاتدار بەئاشکرا، بەڕیکەوتووە. بۆرژوازی و حکومەتەکەی بۆ پاساودانی سیاسەتی سەرمایەدارانەو چەوسینەرانەی خۆی هەمیشە ڕاستیە کۆمەلایەتیەکان پێچەوانە دەکاتەوە تا خۆی لەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بەژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بدزیتەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە هەموو ئەو قسانەی سەرۆک وەزیران و جیگرەکەی پروپاگەندەیەکی ناراست و بێناوەڕۆکە. ئەوەی کە دەیلێن حکومەت ناتوانی هەموو ئامادەبەکارێک دامەزرێنێ، بڕیارو سیاسەتی خۆیانە. واتە ئەوە ئەم حکومەت و دەسەڵاتەیە کە بیکارکردن و بێکار هێشتنەوەی گەنجانی ئامادەبەکارو دەرچوانی زانکۆ ومامۆستایانی وانەبیژ و کرێکارانی گرێبەستی کاتی کردۆتە یەک سیاسەتی بنەڕەتی، ئەمەش بۆئەوەیە کە لەشکری بیکاری فراوان و فراوانتر ڕابگرێ تا موچەو کرێی کرێکاران و فەرمانبەران لەخوارەوە رابگرێ ومونافەسەی نیوخۆی کرێکاران توند بکاتەوەو داواکاری زیاتریان نەبێت. ئەمە بنەمای هەرزان راگرتنی بەهای هێزی کارە. خودی هەڵوەشانەوەی دامەزراندنی مەرکەزی لەلایەن حکومەتەوەو دەستبردن بۆ گرێبەستی کاتی و سپاردنی هەلی کار بە کەرتی تایبەت و مونافەسەی بازاڕ، بەڵگەیە بۆئەوەی کەحکومەت سەپاندنی بێکاری زیاتری کردۆتە یەکێک لەلایەنە سەرەکیەکانی ئەو سیستەمە ئابوریەی کە ئاماژەمان پێدا. کەوایە مەسەلەکە ئەوە نیە کە دەلێن "ناتوانن هەموو کەس دامەزرێنن"، بەڵکو ئەوە سیاسەت و بڕیاری خۆیانە کەهاوڵاتیانی ئامادەبەکار لەبێکاریدا ڕابگرن. لەبارەی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاو وکارەباو خوێندن و کورسی خوێندن لەزانکۆکانیشەوە ڕاستیەکەی هەر ئەمەیە، کەحکومەت لەڕێگای بەتایبەتی کردنی بوارەکانی بەرهەمهێنان وخزمەتگوزاریەکانەوە، بەتەواوی خۆی لەبەرپرسیارێتی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان دزیوەتەوەو مەسرەفەکەی خستۆتەوە سەرشانی هاوڵاتیان، بۆیە ئەوەی دەیلێن کەحکومەت ناتوانێ ئەم خزمەتگوزاریانە دابین بکات درۆیەکی شاخدارە وڕاستیەکەشی ئەوەیە کەدەسەڵاتداران خۆیان نایەوێت ئەم ئەرکە لەئەستۆ بگرن. تا ئەو جێگەیەشی بە "کەمی داهاتی حکومەت" دەگەڕیتەوە، دیسانەوە پاساواکە ناراستە، چونکە ئابوری کوردستان کێشەی کەمی سەرمایەی نیە تا حکومەت گیرۆدە بێت بەکەمی داهات، بەڵکو ئەوە ئەو سیستەمەیە کەسەراپا حکومەت وچینی دەسەڵاتداری خستۆتە خزمەت و پاشکۆی کاری کۆمپانیاکان وبازاڕەکەیانەوە. کەجگە لە کۆکردنەوەی قازانج و سەرمایە هیچ وەزیفەیەکی تریان لەراستای دابینکردنی لانی کەمی ژیان و بژێوی خەلک لەئەستۆ نەگرتووە.

ئۆکتۆبەر: کەوایە بەبڕوای ئێوە دەبێ چی بکرێ تا ئەم شەپۆلە لە خۆپیشاندان و نارەزاتیەکان بەسەرکەوتن بگاو لانی کەمی خواستەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، حزب لەم بارەوە چ کارێکی خستۆتە بەرنامەی کاری خۆیەوە؟

خەسرەو سایە: یەکەمین هەنگاو ئەوەیە کەدەبێ ئەم خۆپیشاندان ونارەزایەتیانە، هیزی ئەوە بەدەست بهێنێت کەدەسەڵات ناچار بکات مل بەداواو خواستەکانی بدات. بۆئەمەش دەبی بەردەوام بێ ومەوداکەی فراوان وبەرین ببێتەوە. بەدلنیایەوە نارەزایەتی لێرەو لەوێ وپچڕپچر، ناتوانێ بەئەنجامی خۆی بگات، بەتاییەتی کەبیەویت سیستەم بگۆڕێ. کەوایە یەکەمین کار ئەوەیە کەدەبێ نارەزایەتیەکان ناوەندەکانی کارو کارگەکان، گەڕەک وبەڕیوەبەرایەتیەکان، زانکۆکان و ناوەندەکانی شەقام بگرێتەوەو فراوان بێتەوە و یەکگرتوانە لەدەوری دروشمی نان و کارو مەعیشەت، بەشەکانی یەکگرتوو ڕێکخراو بکات. هەروەها دەبێت، ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی جەماوەری و هەلبژاردنی نوێنەران و گەلالەی خواستەکان، ڕێگایەک بێت بۆ ڕێکخراوکردنی نارەزایەتیەکان لەئاستی سەراسەریدا و دابینکردنی نوێنەرایەتیەکی سەراسەری، بۆ بردنەپێشەوەی جولانەوەکەو هەلبژاردنی تاکتیک و شیوازی گونجاو.. دیارە هەرجولانەوەیەکی جەماوەری دەبێ لیستی داخوازیەکانی ڕۆشن بێ وئاسۆیەکی عەمەلی لەبەردەم

# جیهان پێویستی بە شۆڕشێکی تری ئۆکتۆبەر هەیە!

مستەفا باهیر

کرێکاران و ئازادیخوازان، هەموو ساڵێک لە ٢٥ ئۆکتۆبەردا یادی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر دەکەنەوە. ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ یادی ١٠٤ ساڵەی ئەو شۆڕشە مەزنەیە. کرێکاران و زەحمەتکێشان، ڕابەران و چالاکوانانی کۆمۆنیست لەم یادەدا دەرس و پەندی سەرکەوتنەکان و شکستەکان لەبەرچاو دەگرن و، لە هەوڵو خەباتدا دەبن و هەنگاو دەنێن بۆ بەدەستهێنانی دونیایەکی بێ چین. یەکێک لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی خەباتی چینایەتی و سەرکەوتنی شۆڕش پرسی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بوو.

چینە چەوساوەکان بەبێ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی کاریگەرێتیان نابێت و ناتوانن بەرنامەی خۆیان بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بەدیبهێنن. هەربۆیە بەلشەفیەکان و لینین لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا توانییان بەشێوازی شۆڕشگێڕانە و ڕاپەڕینی چەکدارانە، ئەم پرنسیپە پەیڕەو بکەن و بەرەو کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی هەنگاوی گەورە بنێن. شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا بوو بۆ ڕاماڵینی چینە چەوسێنەرەکان و دامەزراندنی دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا.

لە دەورانێکدا شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپا بوو کە سەرمایەداران بۆ کەڵەکەی سەرمایەکەیان هەموو ڕێگایەکان دەگرتەبەر و لە هیچ شتێک سڵیان نەدەکردەوە. سەرمایەداران بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایەکەیان و بۆ دۆزینەوەی بازاڕو تاڵانکردنی سەروەت و سامانی وڵاتان، پێویستیان بە جەنگ و داگیرکاری هەبوو. جیهانیان خستە بەردەم شەڕێکی قورسەوەو جەنگێکی گەورەیان بەرپا کرد، کە بووە هۆی کوشتنی ملیۆنەها ئینسانو بڵاوبوونەوەی هەژاری و برسیەتی لەتەواوی جیهاندا. هەڵاواردنی ڕەگەزی گەیشتبوە لوتکە، بە ملیۆنەها ئینسان لەشوێنی ژیانی خۆیان دەربەدەر کرابوون. نەخۆشی و نەبونی دەرمان، بووبووە هۆی مردنی ملیۆنەها ئینسان. بەکورتی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، جیهان لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدابوو. ڕوسیاش وەک دەوڵەتێکی سەرمایەداری بۆ دۆزینەوەی بازاڕو تاڵانکردنی سەروەت و سامانی وڵاتان لەو شەڕەدا بەشداربوو.

چینی کرێکاری ڕوسی بەڕابەرایەتی حزبی بەلشەفی و سەرکردایەتی ڕابەری مەزنی چینی کرێکار، هاوڕێ لینین، لە ٢٥ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ گەورەترین شۆڕشی کرێکاریان بەرپاکرد. ئەو شۆڕشە لەماوەیەکی کەمدا توانی دەسەڵاتی بۆرژوازی لە ڕوسیا تێکبشکێنێت و لەشوێنیدا حکومەتێکی شورایی پێک بهێنێت.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی، یەکەمین کارێک کە کردیان هەوڵدان بوو بۆ وەستانی شەڕ، ئەویش بەهاتنەدەرەوەی ڕوسیا لەهێزی هاوپەیمانان و وەستانی جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیاداو ئاشکراکردنی پەیماننامەی سایکس – بیکۆ. ئەو هەنگاوانەش بوونەهۆی ئەوەی کە هاوپەیمانان ناچاربن ئەو جەنگە کوشندەیە ڕابگرن. ڕاگرتنی جەنگیش بووەهۆی ڕزگارکردنی ژیانی ملیۆنەها ئینسان لە کوشتن و دەردەسەریەکانی جەنگ. دوای چەند مانگ حکومەتی شورایی توانی دەستورێکی بنەڕەتی دابنێت کە تێیدا بۆ یەکەمین جار بڕیاردرا مافی چارەی خۆنوسین بۆ میللەتانی ڕوسیا، یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو ڕوویەکەوە، دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا بکاتە یاسای وڵات. بڕیاردرا زەوی بۆ ئەوکەسەیە کە کاری تێدا دەکات. دین لە دەوڵەت جیاکرایەوە. کارگەکان لە لایەن شورا کرێکاریەکانەوە بەڕێوەدەبران و مافی پەنابەرێتی درا بەو پەنابەرانەی کە لەڕوسیا دەژیان... هتد. هەرچەندە ئێستا

---

دابێت کەتا بزانرێ هەنگاوەکان بەرەوکوێ دەبات. بەتایبەتی کەوەک باسمان کرد ناڕەزایەتیەکانی ئەم دەورەیە ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە سیستەمێکی سیاسی وئابوریە وسەرەنجام بەدەستهێنانی باشبژێوی و ئەوخواستانەی کەئەم ناڕەزایەتیانە هەیانە، بە ئاڵوگۆڕ لەم سیستەمەو هێنانەکایەوەی سیستەمێکی تر، مەیسەرە. حزبی ئێمە جگەلە پشتیوانی و بەشداریکردن لەناڕەزایەتیەکاندا، لەئێستادا هەوڵدەدات بۆ پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵەکان و لێک نزیککردنەوەی هەڵسوڕاوانی بەشە جۆربەجۆرەکانی ئەم ناڕەزایەتیانە و یەکگرتووکردنیان. هەروەها حزب کاردەکات بۆ هێنانەمەیدان و بەرفراوان کردنەوەی ناڕەزایەتیەکان لەدەوری خواستی ڕۆشن لەگەڕەک و زانکۆ و ناوەندەکانی کارو بەڕێوەبەرایەتیەکاندا، لەجەرگەی ئەم کارانەشدا هەوڵدەدەین بۆ ڕێکخراوکردن وسازدانی کۆبونەوە گشتیەکان و هەڵبژاردنی نوێنەران... لەئاستی سەراسەریشدا حزب هەوڵدەدات ڕێنمایی و ڕێنیشاندەر بێت وڕێگای دروست وعەمەلی بخاتەبەرپێی ئەم ناڕەزایەتیانە، تا ئەو ئاستەی ئەو هێزو توانایە بەدەست بهێنی کەدەسەڵات ناچاربکات خواستەکان بەرەسمی بناسێنێت..

★

# عێراق لە بازنەی ململانێی ئەمریکا و ئێراندا، بەرژەوەندی خەڵک لە کوێدایە؟!

## سەبارەت بە هەوڵی کوشتنی مستەفا کازمی

جەمال موحسین

هەوڵی کوشتنی مستەفا کازمی لە بەرەبەیانی یەک شەممە، ٧ ی نۆڤێمبەری ٢٠٢١ دا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆون) لە ناوچەی سەوز، ڕووداوێکی زۆر گرنگی گۆڕەپانی سیاسی ئەم چەند ڕۆژەی عێراق بوو. ڕووداوێک کە بووە مایەی ناڕەزایەتی و نیگەرانی ئەمریکا و ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ و بەشێک لە هێزە سیاسیەکانی عێراق و کوردستانیش. ڕووداوێک کە لە دوای پرۆسەی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردندا ململانێی هێز و پێکهێنەرە میلیشیاییەکانی عێراقی لەسەر سازدانەوەی حکومەت و چۆنیێتی دابەشکردنەوەی دەسەڵات و ڕۆڵی هێزە جیهانی و محەلیەکان توندکردۆتەوە و بردوویەتیە ئاستێکی تر.

پاشخانی ڕووداوەکە

هەمووان ئەزانن هۆکارێکی ئەوەی کە ئەم ڕووداوە لە ئێستادا ڕووئەدات ئاکامی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنە. هێزێک کە خۆی وەک ”براوەی هەڵبژاردن“ لە قەڵەم ئەدات و ڕاگەیاندنەکانی کۆتایی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراقیش جەختی لێئەکاتەوە، هاوپەیمانی سائرونی سەر بە ڕەوتی سەدرە. هەموو ئەو هێزانەی تریش کە سەر بە ڕەوتەکانی دەوڵەتی یاسا و عەسائیبی حەق و حزبوڵا و حەشدی شەعبیە، خۆیان وەک نەیار و ناڕازیانی ئەم ئەنجامە دیاریکردووە و بە جۆرەها زمان هەڕەشەی سەرنەگرتن و ملنەدان بەو ئاکامەیان ڕاگەیاندووە.

ئێمە هەروەک پێشتریش ڕامانگەیاندبوو کە ئەم گاڵتەجاڕی بەناو هەڵبژاردنە هیچ نییە جگە لە ساغکردنەوەی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران و ئیمکانی نییە هێزەکانی سەر بەو دوو لایەنە هەروا بە ئاسانی مل بە ئەنجامەکانی بدەن. وە هاوکات ڕامانگەیاندووە کە دوای هەڵبژاردنیش هەرلایەکیان ”براوەی دانپێدانراو“ بن، لاکەی تر بە ئاسانی قبوڵی ناکات. هەرواش دەرچووو! کێشە و بێنەوبەردەکانی دوای هەڵبژاردن ڕاستی ئەم قسەیەی ئێمەی نیشان داوە، بە خودی ڕووداوی هەوڵی کوشتنی مستەفا کازمیشەوە. هێزی سەر بە ئێران بیبردایەتەوە، بەرامبەر ملی پێنەئەدا و کێشمەکێشی لەگەڵ ئەکرد لەسەر گرتنی دەسەڵات و ساغکردنەوەی دەوڵەت لە عێراق. هەروەک ئێستاش هێزی جێ ڕەزامەندی ئەمریکا بەناو براوەی یەکەمە، میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران بەرەنگاری ئەبنەوە.

خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژی پێشوو بە ڕۆژی هەینیشەوە کە تیایدا کوژراو و بریندار هەبوو، مقاوەمەی ئەم هێزانەی دوایی بوو لەبەرامبەر ئەنجامە ڕاگەیەندراوەکانی هەڵبژاردندا. لە دوایین ڕاگەیاندنی لیژنە لێکۆڵینەوەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و سوپای عێراقدا بە ڕوونی و تایبەتی ئاماژە بە کەتیبەکانی عەسائیبی حەق و حزبوڵا کراوە کە دەستیان هەبووە لەو کردەوەیەدا و تەنانەت ڕایانگەیاند کە موشەک و

---

⇦ تەکنەلۆژیا گەشتوەتە ئەوپەڕی پێشکەوتن، بەرهەم و کارو توانای ئینسان بە شێوەیەکی بێوێنە لە چاو رابردودا چوەتەسەر، رۆژ بەرۆژ داهێنانی تازە دێتە ئاراوە کە هەموانی توشی سەرسورمان کردوە، بەڵام هێشتا هەژاری و برسێتی و بێکاری و نەخۆشی باڵی بە سەر دونیادا کێشاوە.

بە ملیۆنەها ئینسان لە برساندا دەناڵێنن. ملیۆنەها منداڵ دەمرن بەهۆی ئەوەی کە دایک و باوکیان ناتوانن بژێویان دابین بکەن. ملیۆنەها ژن گیرۆدەی هەڵاواردن و ستەمی جنسین. کەم نین ئەوانەی کە بەهۆی هەندێ نەخۆشیەوە دەمرن کە بە تێچوویەکی کەم دەکرێت چارەسەر بکرێن. بە ملیۆنەها ئینسان بە هۆی شەڕی دینی و مەزهەبی و نەتەوەییەوە دەکوژرێن و ئاوارە دەبن و شاروگوندەکانیان وێران دەکرێن. لە ئێستادا دەبینین کە چۆن بە ملیۆنەها ئینسان لەدەست شەڕو کوشتار ناوچەکانی خۆیان بەجی دەهێڵن و بەشێکیان لە شاخ و دەشت و دەریاکاندا دەمرن و دەبن بە خۆراکی ئاژەڵەکان، بەو پێیە ئەم جیهانە بۆ چینی کرێکاران و هەژاران بوە بە دۆزەخ.

ئەم بارودۆخە خراپانە لە ئاسمانەوە نەباریوە بۆ هەژاران، بەڵکو سەرچاوەکەی سیستەمی سەرمایەداریە. لەپێناو کەڵەکەبونی سەرمایەکانیان ئەم هەموو کارەساتە بەسەر ئینساندا دێنن. بەچاوی خۆمان دەبینین ئەوانەی کە رەنج دەکێشن و بەرهەم دەهێنن خاوەنی هیچ نین. بەڵام کۆمەڵێک گەندەڵخۆری تەمەڵ، خاوەنی هەموو شتێکن. دەوڵەت و حکومەتیشیان دروست کردوە تا سەروماڵیان بپارێزن.

تەنها رێگایەک کە لەبەردەم کریکاراندا هەیە بۆ رزگاربونیان لە هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە سیستەمی سەرمایەداری بۆی هێناون. بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم دونیا پێچەوانەیە، پێویستیان بە بەرپاکردنی شۆرشێکی ئۆکتۆبەری تر هەیە. بۆ ئەمەش پێویستمان بە خەباتی شۆرشگێرانەی کرێکارانە بۆ سەروژورکردنی ئەم سیستەمە زاڵمە. ئەویش بە رێکخستنی ریزەکانیان و دروستکردنی رێکخراوە کرێکاریەکان و کۆبونەوەیان لەدەوری یەکترو پەیوەست بوونیانە بە حزبە کۆمۆنیستەکانەوە. بەبێ ئەمە ناتوانریت ئەم نیزامە زاڵمە کە بە ملیۆنەها سەربازو پۆلیسی هەیە بۆ پاراستنی، لەناو ببرێت. سەرکەوتنی چینی کریکار لەم شۆرشەداو دامەزراندنی حکومەتیکی کرێکاری، دەبێتەهۆی نەمانی جیاوازی چینایەتی و بە نەمانی ئەم جیاوازیە چینایەتیە، خۆشگوزەرانی و ئاسایش بەرقەرار دەبێت.

★

فرۆکە بێفڕۆکەوانەکان دەستکردی ئێرانن. کەوایە بە ڕۆشنی ململانێی ئەمریکا و ئێران لەم نێوەدا دەرئەکەوێت! ئەم پەلامارەی سەر ماڵی کازمی لەگەڵ ئەوەدا کە هەراوهوریای میدیاکانی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا و جارێکی تر پشتیوانی ئەمریکا و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبی و هێزەکانی وەک پارتی و دەستەوتاقمی ئینسانکوژ بۆ کازمی دوپات کردەوە، بەڵام ئەوە خەڵکی نارازی کرێکار و زەحمەتکێشانی عێراق و کوردستانە کە ڕوداوەکەیان بە فەرامۆشیەکی موتڵەق سپاردووە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە چینی کرێکار و جەماوەری مەحرومی نارازی ئاسۆیەکی تریان لەپێشە کە ناچێتە خانەی شەڕ و دەعوای هەموو ئەو دەوڵەت و هێزانەوە کە خەریکن لەسەر سازدانەوەی حکومەت و نیعمەتەکانی چینی بۆرژوازی یەکتری تیرۆردەکەن.

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە هەمیشە پێکهاتەی دەسەڵات و حکومەت بە تەوافق لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا بووە. تەنانەت کاتێکیش حکومەت و دەسەڵات کەوتە قەیرانەوە و نارەزایەتی خەڵک یەخەی پێگرت و حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد، کازمی، وەک حکومەتێکی کاربەرێکەر، بە تەوافقی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە دانرا بەڵام هاوسەنگیەکە برێک بەلای ئەمریکادا بوو. ئێستا ئێران وا بە ئاسانی قبوڵی نییە حکومەتێک بە ناوی هەڵبژاردنەوە بێتەکایەوە پشک و بەشی ئەوی لاسەنگ کردبێ. هەوڵی کوشتنی کازمی لە بنەڕەتدا پەیامێکە بۆ سەدر و ئەمریکا کە بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو هێزانەی پاڵیان داوە بە ئێرانەوە مومکین نییە. سەرئەنجام ئەم هێزانە ئەبێ تەوافق بکەن و لەسەر پشک و بەشی هەریەکەیان بەناچاری ڕێکبکەون، دەنا ئامادەن نەک تەنها سەرانی یەکتر و حزبەکانیان و سەرانی حکومەتەکەشیان بخەنە مەترسیەوە بگرە تەواوی کۆمەڵگا لە نائەمنی و پشێویدا رابگرن. بەڵام ئەمە کێشە و ململانێی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش نییە.

**پەرچەکرداری سەرانی بۆرژوازی کورد**

هەر زوو هەر یەک لە مەسعود بارزانی و مەسرور بارزانی وێڕای ئیدانەکردنی ئەم هەوڵی کوشتنەی کازمی، پشتیوانی خۆشیان بۆ ناوبراو دوپات کردەوە و دووبارە داوای ئارامی و سەقامگیرییان کرد بۆ عێراق. ئاشکرایە هەوڵەکانی پارتی بە تایبەتی ئەوەیە خۆی بۆ خۆسازدانەوە لەگەڵ هێزە براوەکان و ڕەوتی سەدردا مەلاس داوە. لە هەوڵی ئەوەدایە دوای کازمیش لە ناوەندا جێگەوڕێگەکەی بپارێزێ. بەمجۆرەش بێگوێدانە ژیان و ئارامی و دۆخی خەڵک بەستنەوەی کوردستان بە ناوەندەوە تەئمین بکاتەوە. پارتی ئامادەیە، وەک هەمیشە، لەگەڵ ڕەشترین هێزێکی وەک ڕەوتی سەدردا دەستی دەسەڵات تێکەڵ بکات. نایەوێ ئەو شتەی پێی ئەڵێ ئارامی لە قیسی بچێت، کە ئەم ئارامیە بۆ ئەو وەک هێزێکی سەر بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا تەنها بە مانای تێکنەدانی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و دروستکردنی حکومەتێکە لەگەڵ ڕەوتی ناوبراودا. هەرچی یەکێتیشە ئەگەرچی لە زاری بەرهەم ساڵحەوە ئیدانەی هەوڵی کوشتنەکەیان کرد، بەڵام زۆرتر لە چاوەڕوانی ئەوەدایە پارتی چی ئەکات و چ جێگەوڕێگەیەکی پێئەبڕێت تاکو بەپێی هاوسەنگیەک کە لەگەڵیدا هەیە بکەوێتە دانوسانەوە لەپەیوەند بە پۆست و پلەکانی دەسەڵاتی ناوەندەوە.

سەرانی بۆرژوازی کورد و بەتیابەتی یەکێتی و پارتی لە کوردستان بە هەزارەها جۆر دژایەتی خۆیان بۆ ژیان و بژێوی و خۆشگوزەرانی و هەتا ئارامی و ئاسایشی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کوردستان نیشان داوە. وە ئەمان نەک خۆشەویستیەکی ئەوتۆیان لای خەڵک نەماوە تاکو وەک نوێنەری بەرژەوەندیەکانیان لە ناوەند تەماشایان بکەن، بگرە بەشدارینەکردنی بەرچاوی خەڵک لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ئەوەی نیشان دان کە ئەوە هەڵبژاردنی خەڵک نییە و قسەی پوچی نوێنەرایەتی کردنی کورد ژەهرێکە و چیتر ئامادە نین بینۆشن. بەڵام هەر ئەوەندە کافی نییە، بگرە پێویستە ئەم گەمە سیاسیەی پارتی و سەرانی بۆرژوازی کورد لە کوردستانەوە شکستی پێبهێنرێ. ئەوان مافی ناوهێنانی خەڵکی کوردستان و نوێنەرایەتیکردنی ئێمەیان نییە. ئەوان لە کوردستانیش ماف و ڕەوایەتی دەسەڵات و حکومەتداریتییان نەماوە، چ جای مۆرکردنی دەسەڵاتێکی ڕەش لە عێراقدا بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە، دەسەڵاتێک کە لە لایەن خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراقیشەوە جێی نەفرەتە و پەیامی وەلانانی هەر زوو لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ وە بەرزکراوەتەوە.

**خۆپیشاندانی هێزە سیاسیە نارازیەکان و هەستانی خەڵک**

هەروەک چۆن پارتی و یەکێتی و هێزەکانی تری کە لە باخەڵی ئەو سیستەم و دەسەڵاتەوە سەریان دەرهێناوە نوێنەری خەڵکی کوردستان نین، بەوجۆرەش نە ڕەوتی سەدر و هاوپەیمانەکانی کە خۆیان بۆ پێکهێنانی حکومەت ئامادە ئەکەن و نە هێزە شیعە سیاسیەکانی نەیاری هیچ پەیوەندیەکیان بە بەرژەوەندی خەڵکی بێبەشەوە نییە. خۆپیشاندانی هێزە شیعە نەیارەکانی سەدر دوور و نزیک هیچ پەیوەندیەکیان بە خواست و پێویستی خەڵک بۆ ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەرانەوە نییە. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی عێراق لە هەستانی جەماوەرییاندا لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ دا تەواوی ئەو شتەی بە ناوی پرۆسەی سیاسی و هێزە پێکهێنەرەکانیانەوەیە خستە یەک بۆتەوە و یەک دەنگ هەموویان ڕەتکردنەوە. هاتنە مەیدانی ئەوان لەپێناو کۆتایی هێنان بەو سیستەمە بوو کە بووبووە و بۆتە مایەی ڕەنجبردنی زۆرینەی کۆمەڵگە و بێبەش بوونیان لە ژیان و بژێوی و خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندبوونی چینی باڵادەست لەسەر حسابی ئەو ڕەنج و هەژاریەی زۆرینە. هاتنە مەیدانی خەڵک لەو کاتە بەدواوە بۆ ئەوە نەبووە هێزێکی ڕەش جێگەی هێزێکی ڕەشتر بگرێتەوە. تاوانبار و سەرکوتگەر و خاوەن میلیشیایەک جێگەی یەکێکی تر بگرێتەوە. هاتنەمەیدانی خەڵک کردنەوەی دەروازەی نەبەردێکی خەباتی چینایەتی بووە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئارام و ئاسایش و خۆشگوزەران لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی تردا، دەسەڵاتێک کە لەسەر بنەمای دەخاڵەت و بەشداری ڕاستەوخۆی جەماوەری بێبەش بنیاتنرابێ. ڕێگەیەک لەبەردەم ئەم خەڵکە و ئەم خەباتەیدا نەماوەتەوە جگە لە هەبوونی

# له ژەهرخواردکردنەوە بۆ کۆچی بەلێشاوی گەنجان، ئایندە نابێت بەدەستی ئەمانە بێت!

## عیرفان کریم

دەسەڵاتی سیاسی بۆرجوازی کورد رۆژ لەدوای ڕۆژ دیمەنەکانی وێرانبون وداروخانی ئەخلاقی و سیاسی خۆی نمایش دەکات. ڕەفتار وکردەوەکانی ئەم دەسەڵاتە چ لەکاتی ململانێکانی نێوخۆی ڕیزەکانیان و چ لەبەرامبەر داخوازیەکانی کرێکاران وخەڵکی زەحمەتکێشی کوردستاندا بێت، بریتیە له دەست بردن بۆ سیاسەتی نائینسانی و کۆنەپەرستانە.

له بەرواری ٨ تەموزی ئەمساڵەوە زنجیرەیەک له چیرۆکی سیاسی سەیرو مەترسیدار سەبارەت به ژەهرخواردکردنی چەندین کەس له ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، له میدیاکاندا بڵاودەبێتەوە.لەو هەواڵانەدا چەندینجار ئاماژە بەناو و پلەی ئەو کەسانەش دەکرێ که دەستیان هەیە لەم تاوانەدا، کەیەکێکیان هاوسەرۆکی یەکێتی نشتیمانیە، بەڵام ئێمە دەبینین وەک ئەوەی ئەم کارانە جۆرێک له گاڵتەجاڕی و گەمەیەکی نێوخۆی دوو خێزان بێت و به دەستبردن بۆ بڕیارەکانی ( دوورخستنەوە) و(سڕکردن) له کار و پلەی حزبی سزای ئەو کەسانە دەدرێت و ئیدی قسەیەک له یاسا و دادگایکردن له ئارادا، نیە. لەکاتێکدا ئەم ڕوودوادە له ژێر سایەی حکومەتێکدا بەڕێوە دەچێت که پێی دەڵێن حکومەتی هەرێم و وەزارەتێکی هەیە بەناوی وەزارەتی داد و که بەسەدان دادوەور وکارمەندی یاسایی هەیە و دەزگایەکیش هەیە بەناوی دادوەری گشتی و ئەم وەزارەت و دەزگایانە، مانگانە بەسەدان ملیۆن دۆلاریش بودجەیان بۆ تەرخان دەکرێت. خودی ئەم ڕوودای ژەهرخواردکردنه و بێدەنگی و ئیفلیجی دامودەزگای دادوەری له کوردستاندا، جارێکی دیکە، بێ ڕێزیەکی دیکەی ئەم دەسەڵاتەی نیشان دایەوە له بەرامبەر یاساو و سەروەری یاسادا. لەکاتێکدا که دەبینین چۆن دادگا و دادوەران بۆ گیانی مامۆستایانی چالاکوانی سیاسی له بادینان و هەولێر یاسا سەرکوتکەرەکان زیندوودەکەنەوەو چەندینجار ئەم چالاکوانانە ڕاپێچی بەردەم داداگاکان دەکرێن وپاشانیش زینندانیان دەکەن. بەڵام کەسانێک، که به ئاشکرا ناویان هاتوە، که گوایە هاوڕێیانی خۆیان ژەهرخواردکردەوە له سەرکرادیەتی حزبێکی دەسەڵاتدار، ئازادانە دێن ودەڕۆن هیچ لێپێچینەوەیەکی یاسایشیان لەگەڵدا ناکرێت.

هاوکاتی ئەم ڕووداوە، ماوەیەی چەند مانگێکە فەرمانبەرانی گرێبەست ومامۆستایانی وانەبێژ و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەشێوازی جۆراوجۆر لەڕێگای پێشکەشکردنی یاداشتنامە و بەرێخستنی ڕێپێوان و خۆپیشاندان و گردبونەوەی نارەزایەتی، خواستەکانی خۆیان بۆ دامەزراندن یاخود دۆزینەوەی هەلی کار، گەیاندۆتە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم. بەڵام لەبەرامبەردا ئەم حکومەتە ئەم داخوازی وداواکاریانەی بەفەرامۆشی سپاردوە و هیچ وەڵامیکی ئەم داخوازیانەی نەدایەوە و جارێکی دیکە مامۆستایان و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکانی بێئومێد کردەوە.

بێبەها کردنی دەسەڵاتی دادوەری و بێڕێزیکردن بەیاساکان و بێئومێدکردنی سەدان هەزار کەس له مامۆستا و دەرچوانی زانکۆ وپەیمانگاکان، هاوکات برەودان بەسەرکوتی سیاسی و زیندانیکردنی مامۆستایان و چالاکوانی نێو نارەزایەتیە جەماوەریەکان، ڕاستەوخۆ بونەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ کۆچی بەلێشاوی هەزاران گەنج بەرەو وڵاتانی ئەوروپا.

لەسایەی ئەم دەسەڵاتەدا، هیچ ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانی کۆمەڵگا ناکات. ئەم دەسەڵاتە بەکردەوەکانی پێمان دەڵێت که ئەگەر کۆمەڵگا پر بێت له سەروەت وسامان، ئەگەر داهاتی هەرێمی کوردستان به ملیارەها دۆلار بێت، ئەوە بەتەنها بۆ خۆیان و کۆمەڵێک له سەرمایەدارو خاوەن کۆمپانیاکانە. ئەگەر ئازادی هەبێت ئەوە تەنها بۆ خۆیان و کەسانی خزمەتکاری بەردەستی خۆیانە. ئەگەر خۆشبەختی هەبێت ئەوە به تەنها بۆ خۆیان و دەوڵەمەندانی دەوروبەری خۆیانە. ئەمانە مشتێک لەو ڕاستیانەن که وەکو ڕۆژی ڕووناک پێمان دەڵێن، ئێمە نابێت لێگەڕێین ئەمانە ئایندەی کۆمەڵگا و ئایندەی منداڵ و نەوەکانمان دیاریبکەن، چونکە ڕۆشنە چ جۆرە ژیانێک چاوەڕوانمانە. هەربۆیە وەکو چۆن له پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی مانگی رابردودا زۆرینەی خەڵکی کوردستان به نەچوون بۆسەر سندوقەکانی دەنگدان (نەخێر) ێکی گەورەیان دا بەڕووی ئەم دەسەڵاتەدا، ئاوهاش پێویستە هەنگاوی داهاتوو کارکردن بێت بۆ کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتە و دیاریکردنی دەسەڵاتێکی جەماوەری شۆرشگێرانە، که بنەماکانی لەسەر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بێت و دوور بێت له دووبارەکردنەوەی دەسەڵاتی پەرلەمانی و حکومەتی ملیشیایی و بنەماڵەیی. ☆

---

ئاسۆیەکی سۆشیالیستی که سەرئەنجام تەواوی سیستمەکه له دەسەڵات و پێکهێنەرەکانی تێکئەدات و لەجێگەیدا ئەو دەسەڵات و سیستمە دائەمەزرێنێ که ئاماژەی پێدرا. بۆیە پێویستە که به هیچ جۆرێک بەشداری له خۆپیشاندان و بەناو نارەزایەتی هێزە ڕەنگاوڕەنگەکانی کۆی هێزە سیاسیە بۆرژوازیدا نەکەن.

خەڵکی کوردستانیش هاوشانی خەڵکی بێبەشی عێراق دەمێکە مەسەلەی وەلانانی ئەم دەسەڵاتەی له دەستوری کاری خەباتکارانەی خۆیدا داناوە. لەلایەک سووربوون لەسەر ئەم خواستە و هەنگاوهەڵگرتن لەپێناو وەلانانی ئەم سیستمەی بۆرژوازیەکان تێیدا بەشدارن و لەلایەکیش هەوڵی دامەرزراندنی دەسەڵاتی پشتبەستوو به ئیرادە و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لەڕێی شوراکانیەوە، نەبەردەکانی خەباتی برەوپێبدات. هاوکاتیش ئەم خەباتە لەگەڵ هاوپشتی خەباتی خەڵکی بێبەشی عێراقدا لێکهەڵپێکێ. برەودان بەم خەباتە چ له کوردستان و چ له عێراق ئەمری کۆمۆنیزمە که پێویستە خەت و ئاسۆی پێبدات و ڕابەرایەتیەکەی مسۆگەر بکات. ئەمە تاکە ڕێگەی تاقینەکراوەی بەردەم خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە له عێراق و کوردستان. ☆